بانکی رافیدەین دەست دەکات بەدابەشکردنی موچەی پاراستنی کەمئەندامیەتی و خانەنشینان

ئەمڕۆ پێنجشەممە، بانکی رافیدەین دەستپێکردنی موچەی تایبەتی پاراستنی کەمئەندامیەتی بە مانگی شوبات و دابەشکردنی ڕاستەوخۆی موچەی خانەنشینانی ڕاگەیاند.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی بانکەکە لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: موچەی تایبەتی پاراستنی کەمئەندامیەتی بە مانگی شوبات دەستی پێکردووە، و ئاماژەی بۆشکرد: موچەی پاراستنی کەمئەندامیەتی بەسەر ژن و پیاواندا دابەشکراوە.

ئاشکراشیکرد: موچەی خانەنشینانی مەدەنی و سەربازی بە مانگی شوبات لەگەڵ پارەدانی ئەلیکترۆنیەوە دابەشکراوە.